# بەیاننامەی دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی جەماوەری شاری کەرکوك، بەریوەبەرایەتی تەندروستیو سەندیکای نەخۆشخانەکان توشی سەرەگێژە دەکات!

دوای ئەوەی بەرێوەبەرایەتی تەندورستی کەرکوك بڕیاریکی دەرکرد کە تیایدا هەموو جۆرە مانگرتن و خۆپیشاندانێکی کارمەندانی تەندورستی بۆ دەست هێنانی خواستەکانیان قەدەغە بکات. دەستەی داکۆکی لە داخوازیەکانی جەماوەری شاری کەرکوك بەیاننامەیەکی ناڕەزایەتی دژ بەم بڕیارە دەرکرد ولە بەیاننامەیەدا "بانگەوازی سەرجەم کارمەندان و فەرمانبەرانی تەندورستی ئەکا کە دژ بەم بڕیارە بێنە مەیدان و داوای دەست بەجێ هەڵوەشانەوەی بکەن" . دوای ئەوەی ئەم بەیاننامەیە لە لایەن کارمەندانی تەندروستیەوە کە ئەندامی دەستەی داکۆکین لە داخوازییەکانی جەماوەری شاری کەرکوك لەنێوەندە تەندورستیەکانی کەرکوکدا بڵاو کرایەوە لە لایەن کارمەندانەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی لیّ کراو ولایەنگری خۆیان بۆ ئەو بەیانەو ئامادەیی خۆیان بۆ وەستانەوە دژ بەو بڕیارە دەربڕی. هاوکات لەگەڵ بلاوبونەوەی بەیانەکە ئیدارەی تەندورستی کەرکوکی توشی هیستریا کرد و لە ڕێگەی سەندیکا زەردەکانی نەخۆشخانەکانەوە کەوتنە بڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندە دژ بەم بەیاننامەیە کە گوایە شتی وا نییەو ئەم بڕیارە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کەرکوکەوە دەرنەکراوە ئەمە زیاتر بۆ گێرەشێوێنی و ئاژاوە نانەوەیە. هەر بۆیە دەستەکە چەندین نوسخەی لە نوسراوی ئەم بڕیارە لە ناو کارمەنداندا بڵاو کردەوە. کە زانیان هەگبەکەیان بەتاڵ بۆتەوەو ئیتر راستیەکان دەرکەوتون، ناچاربون پەنابەرن بۆ چەواشەکاریو هەندیّ لەو سەندیکا زەردانە بیّ ئاگایی خۆیان نیشاندا لەو بڕیارەو گوایە ئەوانیش لەگەڵیدانین. وێرای ئەمانە، بڕیار وایە کارمەندانی تەندورستی بە نوسراوێك داوا لە بەڕێوەبەرایەتی تەندورستی کەرکوك بکەن کە ئەو بڕیارە هەڵوەشێنێتەوە ئەگینا دەست دەدەنە خۆپیشاندانو وەدەستی لیّ هەڵناگرن تاکو ئەو بڕیارە هەڵنەوەشێتەوە .

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق**

**کۆمیتەی کەرکوك**

2006/2/22